# دڵشاد عبداللەی شاعیر لە سەفەری ئەوروپاییدا
# کوردانی تاراوگەی شیعر بارانکرد



دڵشاد عبداللەی شاعیر لەسەفەری ئەمدواییەیدا بۆ ئەوروپا،زنجیرەیەک
چالاکی ئەنجام دا وەک: بەشداری لە پێشانگای پەرتووکی فرانکفۆرت،پێشکەشکردنی چەندین کۆڕی شیعری لە وولات و شارە جیاجیاکانی ئەوروپا لە ستۆکهۆلمی سوید ،لە ئەلمانیا لە شارەکانی مانهایم وهانۆڤەر کەدوا وێستگەی کۆڕی شیعری بوو،لە سەرجەم کۆڕەکاندا زۆرترینی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس وهونەرمەندانی کورد ئامادە دەبوون وەک بەڕێزان:پرۆفیسۆر جەمال نەبەز،شاعیری ڕۆژهەلات تەنگەزار،سەلیم بچوک،ئەدیب چەلکی و....هتد
شاعیر لەلایەن سەنتەری ئەرشیف وڕۆژنامەگەری کوردی لە هانۆڤەر مێوانداری کرابوو،بەم بۆنەیەوە ئێوارە کۆڕێکی شیعریان بۆ ئامادە کرد، لەرێکەوتی 4،11،2007 کات 4 ی ئێوارە لە هۆلی ناوەندی ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری کوردی لە مەلبەندی کولتووری فاوست.
شاعیر خاوەنی ئەزموونێکی چروپرو ودەنگێکی نوێیوتازەیە لە نێو دنیای شعری کوردیدا،توانیویەتی ستایلێکی تایبەت بەخۆی دابهێنێ وئیدامەی ئەزموونە نوێکانی پێبدا و تروسکایی هیواکانی ژیان لەم دیوی دیوار بەندە دروستکراوە ئەستوورەکانی ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەلگەی کوردی ئەم عەسرە جەنجال وپڕ لە مەینەتیە بەدیبکات،بەردەوام لەشەونخونیدایە بۆڕاکێشانی تروسکایی بۆ ژوورەتاریکەکان،ئەو ژورانەی خۆشەویستی و پیرۆزی مرۆڤەکان بە چینێکی ئەستووری غەم داپۆشراون،شاعیر غەمەکانی بێکاری برسیەتی وگرانی وتیرۆری عیشق وناهۆشیاری ونەخوێندەواری..و..و..و..وهتد واڵە هەگبەی کۆلی دایە وشار بەشارو وولات بەوولات دەیانگێڕێ بەگوێچکەی مرۆڤە دوورەکانی تاراوگە دا دەیانچرپێنێ.
شاعیر لە جیهانی پەرتووک وکولتووری دونیا لە فرانکفۆرتەوە ڕای کێشاینە نێو دنیای شیعری جوانی پڕلە عیشق وسۆزی کوردانەورەنگی هەمەجۆر،گری ی نیودونیای شیعری خۆی بۆ کردینەوە، غەمە پەنگخوادووەکانی نیودلی بۆ هەلرشتین،دەستی گرتین و بردینی بۆ سەر مانگ لەسەر مانگەوە دیواری سەرسورهێنی چینی پێشاندان،هەگبەیەک خۆلەسۆری کوردستانی بەدیاری بۆ هێنابووین لەبەردەمی ئامادەبواندا هەلی ڕشت وتژی بوو لە ئێسک وپروسکی ئەنفالکراوەکانی کورد،چاو نیەبتوانێ بەم دیمەنە فرمێسکی تیادا قەتیس نەمێنێ،شاعیری هێمن و هەست ناسک شاعیری مرۆڤ دۆست ودۆستی گەنجان،ڕووی خەنجەر ناکاتە مەرگی کەس لەدواجاردا لەبری مەرگی هەموان مەرگی پاکی خۆی دەکاتە قوربانی.
شاعیر هەگبەیەکی دیوانە چاپکراوەکانی خۆی پێبوو،پر بوون لەدەنگ ورەنگی جیا،پڕبوون لەدەنگ وریتم ومۆسیقاوستایلی تایبەت بەشاعیر کەشاعیر جیا دەکاتەوە لە هەموو شاعیرانی تر،خاوەن دەنگێکی تازە،ئەزموونێکی نوێ وچروپربە گولالەی رەنگین رازاوە،لەساتەکانی شیعر خوێندنەوەدا میوانانی بە شیعری پڕ لە پەیڤی جوان وێنەی سحری ومۆسیقا شیعر باران کرد،ئامادەبوانیش کپ، بێ دەنگ،هێمن غەرقی نێو دونیای تایبەتی شیعر

ببوون،لەکۆتاییدا ئامادەبوان بە چەپلە ڕێزان و دلێکی خۆشەوە دەست خۆشی و سوپاسگوزاری شاعیریانکرد،دواتر دەرگای گفتوگۆکرایەوەو چەندین پرسیار لە لایەن ئامادەبوانەوە ئاراستەی شاعیر کران ئەویش یەک بەیەک وەلامی دە دانەوە.



یوسف مەنتک/ هانۆڤەر /ئەلمانیا